سودانی پەشوازی کرد لە خەزانی کارمەندی فریاگوزاری ئەمریکی کایلا مولەر کە لەلایەن داعشەوە کوژرا

لە پەراوێزی سەردانە فەرمییەکەیدا بە ئەمریکا، سەرۆکی ئەنجومەنی وەزیران محەمەد شیاع سودانی، پەشوازی کرد لە خەزانی کایلا مولەر هاوەاتی ئەمریکی کە لە ساڵی 2013 لەلایەن چەتە تیرۆریستییەکانی داعشەوە لەفەندرا لە شاری حەلەبی سوریا لە کاتی کارکردنیدا لە بواری پشکشکردنی فریاگوزاری مرۆیی و ساڵی 2015 کوژرا.

نوسینگەی راگەیاندنی سەرۆک وەزیران باویکردەوە:- بنەماڵەی قوربانییەکە نامەیەکیان هادەستی سودانی کرد و داوایان لە حکومەتی عێراق کرد یارمەتییان بدات لە ئەنجامدانی لێکۆڵینەوەیەک بە گەیشتن بە هووفاتی کچەکەیان و گەیاندنەوەی بە نیشتیمانی خۆی لە ویلایەتە یەکگرتووەکان، بەو پێیەی عێراق ئەمە ئەزموونێکی گەورەی هەیە لە بواری بەرەنگاربوونەوەی تیرۆر و زانیاری دەربارەی گروپە تیرۆریستییەکان و پاشماوەکانی چەتەکانی داعش.

سەرۆکی ئەنجومەنی وەزیران هاوسۆزی قووڵی خۆی بە بنەماڵەی قوربانییەکان دەربڕی و جەختی لەوە کردەوە کە دەزگا ئەمنییەکان دەست بە لێکۆڵینەوە دەکەن بە بەدەستهێنانی هەر زانیارییەک بە ئەوەی

بتوانین ووفاتی قوربانییەکە دەستنیشان بکەین.

سودانی ئاماژەی بۆشکرد، کە تیرەر هەموو عەراقییەکانی کردووەتە ئامانج بەبە ئۆوەی ئایین و ەگەز و نەژاد بەدەر بکات و ئەو خۆنی قوربانییەکانە کە لە کەتایدا سەردەکەون، چونکە تیرەر لە عەراق بەو قوربانی و ئەو خۆنەی کە لەلایەن ەەەکانییەو درا تەکشکەنرا.